# دەستوری کوردستان: ڕێکەوتن و ئێراقچیەتی یەکێتی و پارتی

شاخەوان شۆڕش

2007.02.09

دەستور بەکورتی؛ کانونە بنچینەییەکانی ستاتە و پرەنسیپە بنچینەییە ڕامیارییەکانی ستات دیار دەکات. ئاسایی لە دەستوردا کانون[1] و ڕێسا سەبارەت بە شێوە و ڕێسای کانوندانان، مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پەرلەمان، دەسەڵات و ئەرکی حکومەت، سنورەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، کاروفەرمانی دادگاکان و سەربەخۆییان، مافەکانی مرۆڤ وەکو ئازادی و پاراستنی ئازادی مرۆڤەکان، یەکسانی مرۆڤەکان و مافەکانیان لە ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوە، ئازادی ئایین، مافی خاوەنداریی هتد. دەنووسرێن. وردەکاری و ڕوونکردنەوە، کانونی نابنچینەیی یا پەیوستدار بە بەرژەوەندی توێژێک، مێژوو، بەرزکردنەوە و ستایش، پیرۆزکردن و چەمکی سۆزدارانە لە دەستوردا نووسینیان گونجاو نییە.

ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (ئەو ناوە لە عارەبیەکە وەرگیراوە) کە خەڵک وەکو پەرلەمانی کوردستان ناوی دەبەن، لە 22ی ئۆگۆستی 2006 دا پرۆژەی ڕەشنووسی دەستوری کوردستانی ڕاگەیاند. ئەو ڕەشنوسە لەلایەن دەستەیەکی تەرخانکراو کە بریتی بوون لە 19 کەس ئامادە کراوە. ئەوانە زۆربەیان ئاوەڵناوی دکتۆر و پارێزەریان هەیە. بەگوتنی خۆیان سوودیان لە زۆربەی دەستورەکانی وڵاتانی جیهان (بە هەموو وڵاتە عارەبیەکانیشەوە) وەرگرتووە. هەروەها تێبینی و سەرنجی شارەزایانیان لەبەرچاو گرتووە و سایتی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە کردۆتەوە.
هەر بۆ دڵنیایی، چەندجارێک هەوڵمدا سەیری سایتەکە بکەم بەڵام کاری نەدەکرد! ئەگەر سەیری تەواوی دەستورەکە بکەیت، لەلایەک گونجاوە بپرسی، لەبەرچی ئەو هەموو دکتۆر و پارێزەرە نەیانتوانیوە دەستورێکی کورت و پوخت و مۆدێرن دابڕێژن، هەروەها دەبێ ئەوانە چ سوودێکیان لەو هەموو دەستورە کە گەلێکیان هی وڵاتانی کۆنەپەرست و دیکتاتۆرن، وەرگرتبێ؟

لە پاشکۆکەدا دەڵێ پشت بەو پرۆژەی فیدرالییە کە لە ساڵی 1974 دا کە لەلایەن هەندێ پارێزەرەوە ئامادە کرابوو بەستراوە. سەیرە 1974 لەکێ و 2006 لەکێ؟ دوو سەردەمی ڕامیاریی تەواو لەیەکتر جودا! نازانم مەبەست لێرەدا بەستنەوەی پرۆژەی فیدرالییە بە بزوتنەوەی چەکداری ئەیلول، بەمجۆرە گێرانەوەی بیرۆکەی فیدرالی بۆ شۆڕشی ئەیلول، یا لەبەر ئەوە بووە کە ئەو پرۆژەیە لە پرۆژە فیدرالیەکانی سەردەمیش گونجاوتر بووە، بۆیە نەکراوە بەلاوە بندرێت. من ئەوەی یەکەمیان بە نزیک دەبینم، چونکە لە پێشەکی و پاشەکی دەستورەکەدا زۆر هەوڵدراوە دڵی باڵی تاڵەبانی و باڵی بارزانی ڕابگیرێت. شایانی گوتنە ئامانجی شۆڕشی ئەیلول و ئەوەی دوای هەرەسی ئەیلولیش ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، دیارە جگە لە کاژیک/پاسۆک. لە ساڵی 1992 دا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەتا لەگەڵ فیدرالی نەبوو و پێی لەسەر ئۆتۆنۆمی دادەگرت، بەڵام پاشان لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر بڕیاری فیدرالی ڕێکەوتن.
ئەگەر سەیری پرۆژەی سەرۆکایەتیەکەی پێشتر و لە بەرژەوەندیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بنۆڕین و سەیری ئەو دەستورە بکەین، دەبینین ناوەرۆکی دەستورەکە ڕەنگ لە بەرژەوەندی ئەوان و سەرۆکەکانیان دەداتەوە، جگەلەوەی هەوڵدراوە دەستورەکە لە دەستوری ئێراق نزیک بکرێتەوە. بۆیە نازانم ئەو دەستەیە تێبینی چی شارەزایانیان

[1] کانون وشەیەکی گریکییە، زمانی عارەبی وەریگرتووە و وەکو قانون بەکاری دەهێنێت. واتە لەجیاتی پیتی "ک" پیتی "ق" بەکاردەهێنن. من کانون لە قانون بە گونجاوتر دەبینم، چونکە لە لایەک وەکو وشە ئۆرگینالەکەیە، لە لایەکیتر لە زمانی عارەبی کە زمانی نەتەوەی داگیرکەرە وەرنەگیراوە.

لەبەرچاو گرتووە! ئەگەر شتێکیان دەستکاری کردبێ بەئەگەری زۆر ئەوەبووە کە زیانی بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران نەبووە، یا بەرژەوەندیەکانی ئەوانیان بەهێزتر کردووە و باشتر لەبەرچاو گرتووە. گومان لەوەدایە ئەو دەستەیە زاتی ئەوەی کردبێ دەستکاری ئەو خاڵانە بکات کە پەیوەندی نزیکی بە بەرژەوەندی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە هەیە.
ئەو دەستورە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکان و دەهاویشتەی ڕێکەوتنی ی.ن.ک و پ.د.ک ـە، بۆنمونە هەڵبژاردنی سیستەمی سەرۆکایەتی دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی ریکەوتنی ئەوان بوو، بەتایبەتیش بەدیهێنانی ئارەزووەکانی مەسعود بارزانی بوو. هەوڵی نزیکردنەوەی دەستورەکە لەوەی ئێراق بەهەمان شێوە ئەنجامی ڕەوتی ئێراقچیانەی ئەوانە. دیارە هەوڵیش دراوە بەپاکانەکردنەوە بڕگەی جیا لەوەی لە دەستوری ئێراقدا هاتووە، بنوسرێن. لە وتاری تردا دێمە سەر هەندێک لەوانە.

دەستورەکە جگەلە پاشکۆکە 35 لاپەڕەیە، تەنها پێشەکیەکەی 3 لاپەرەیە. وادیارە زۆری و بۆری، یا گەورەیی و قەبەیی ڕۆڵی خۆیان بینیوە. با دەستور 100 لاپەرە بێت، بەڵام کە پوخت نەبێت، پڕبێ لە خاڵی زیادە و سەپێندراو و نەتوانێ مەبەست بپێکێ چ سوودی هەیە.
هەر بۆنمونە بەپێویستی دەزانم لەمبارەیەوە ئاماژە بە دەستوری دانیمارکی بکەم، دەستوری دانیمارک کە لەساڵی 1849 نوسراوە و لە ساڵێ 1953دا هەموار کراوە 15 لاپەرەیە، دانیمارک لەسایەیدا ئەوپەڕی دیموکراسییە. لە ساڵی 1998دا مامۆستاکەم هەموو دەستورەکەی لە دوو دیوی پەرەیەکی A4 دا دایە دەستم!
لە ڕەشنووسی دەستورەکەی کوردستاندا جگە لە خاڵی نەرێنی و سەپێندراو، لە پێشەکی و پاشەکیەکەدا ستایش، پاکانەکردن و درێژدادڕی دیارن. ئەو جۆرە بیرخستنەوە و ڕوونکردنەوەیە زیاتر وەکو پاکانەکردن خۆیان دەخەنە بەرچاو. پاکانەکردن بۆ هەندێ خاڵی گرنگی ناو دەستورەکە، کە خۆیان لێیان دڵنیا نین.
زۆر خاڵ هەیە نووسینی لە دەستوردا گونجاو نییە. ووشە و چەمک هەن کانونی نین و ناچنە خانەی بێلایەنی و هۆشمەندیەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە، چەمکی "ژینۆساید یا گەکوژی" لەتەک تاوانی ئەنفالدا نەنووسراوە. نازانم هۆکەی چییە، بەڵام زۆر پێویستە جەخت لەسەر بوونی ئەو چەمکە لە دەستوردا بکرێتەوە. هەروەها لەتەک چەمکی پاکتاوی نەژادیدا، چەمکی "بەعارەبکردن" نەنووسراوە، کە پێویستە بنووسرێت.
دیارە نە دەستوری دانیمارک نە ئەوەی فەرەنسا یا وڵاتی دیموکراتی دیکە ناتوانن ئەمڕۆ کوردستان بکەنە وڵاتێکی دیموکراسی، چونکە کێشە هەر ئەوە نییە چی لە دەستوردا نووسراوە، بەڵکو کێشەکە لە لایەکیتر ئەوەیە، تاچەند پارتە دەسەڵاتدارەکان ڕێزی دەستور و کانون یا دەسەڵاتی کانوندانەر دەگرن. لە کوردستانی ئەمڕۆدا دوو پارتی دەسەڵاتدار هەن؛ هەر یەکەیان سەرۆکەکانیان وەکو میر و شێخ فەرمانڕەوان، هەروەها بەرژەوەندی سەرۆک و پارتەکەی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندی گەلدا دادەنێن. نە پەرلەمان و نە دادگا دەسەڵاتیان لە ئاست ئەواندا نییە.

دەستورەکە بە زمانی عارەبی نووسرا، بەمجۆرە دەقە ئۆرگینال و باوەڕپێکراوەکەی عارەبییە. دەقە کوردیەکە کە وەرگێڕدراوی عارەبیەکەیە، بە زمانێکی خراپ و پڕ لەهەڵە بۆ خەڵک نووسراوە. بەمپێیە گەڕانەوەی پەرلەمان لەمەودوا هەمیشە بۆ دەستورە عارەبیەکە دەبێت، چونکە ئەو دەقە ئۆرگینالەکەیە.
پرسیاری گونجاو ئەوەیە؛ بۆ دەبێ دەستەی دیاریکراوی پەرلەمانی کوردستان بچێ بە زمانی نەتەوەی چەوسێنەر و داگیرکەر دەستورەکەی خۆی بنووسێتەوە؟ بۆ دەبێ ئەوانە بچن بە زمانی نەتەوەی گەلکوژ دەستوری گەلی کوردستان بنووسنەوە؟ ئەگەر کورد قەرەج بایە و خاوەنی نووسینی تایبەت بەخۆی نەبایە، دەگوترا دەکرێ ئەوە ڕێگاچارەیەک بێت. ئەگەر کورد خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆی نەبایە و بە عارەبی دوابا، دەگوترا ئەوە چارەیەکی گونجاوە. ئەگەر زمانی کوردی زمانی نوسین نەبایە، دەگوترا لەبەر ئەوە بووە. دیارە دەوڵەمەندی و بەپێزی زمانی کوردی لە کەس لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان شاراوە نییە.
دەکرێ بەپێی ڕەوتی ئێراقچیانەی ی.ن.ک و پ.د.ک ئەو کارە بە گونجاو دابندرێت، هەروەکو ئەوان هاتوون زمانی عارەبیان لە تەک زمانی کوردی وەکو یەک بە زمانی فەرمی هەرێم داناوە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوەش ئەوەی کراوە ناگونجاوە. ئەوە دەکرا لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا گونجاو بێت، ئەگەر دەستورەکە بە کوردی نووسرابا و پاشان لەبەر عارەبەکانی هاوبەشیان لە ئێراقدا وەریانگێرابایە سەر زمانی عارەبی، واتە دەقە ئۆرگینالەکە کوردی بێت، بەڵام وەکو ئاشکرایە ئەوان پێچەوانەکەیان کردووە. بۆیە ئەوەی ئەوان و سەرکردایەتی دەسەڵاتی باشور دەیکەن ئاماژە بەو تێگەیشتنە ناکات (دەسەڵاتداران دژی ئەوە نین و پشتگیری دەکەن)، بەڵکو ئاماژە بە لاوازی بڕوا یا بڕوا بەخۆنەبوون و بڕوانەبوون بە زمان و بەها نەتەوایەتیەکانی دیکەی گەلی کورد دەکەن (لێرەدا مەبەستم ئەوانە نییە کە دژی ئەو دیاردە

ناڕەوایە وەستان). ئەوان خۆیان بەکردەوە، بەها و هزری نەتەوەی عارەب لەوەی خۆیان بە بەرزتر سەیر دەکەن. ئەوان سەیری زمانی عارەبی وەکو زمانی کانون و زانست دەکەن، ئەو بەها و گەورەییەی ئەوان لە زمانی نەتەوەی داگیرکەر دەیبینن لە زمانەکەی خۆیاندا نایبینن، ئەو بڕوایەی ئەوان بەزمانی نەتەوەی گەلکوژی عارەبیان هەیە بە زمانەکەی خۆیان نییە.

نەتەوەی عارەب، کە وڵاتی ئێراقی بۆ دروستکرا و باشوری کوردستانی خرایە ژێر دەست، نەتەوەی لەمێژینەی داگیرکەر و چەوسێنەری کوردە و تاوانی گەلکوژیان بەرامبەر بە گەلی ژێردەستەی کورد ئەنجام دا. زمانی عارەبی بۆ کوردی باشور زمانی چەوساندنەوە، پاکتاو و بەعارەبکردن و گەلکوژی ئەنفالە. ئەگەر خەڵکێکی سەربەنەتەوەی چەوساوەی کورد وەکو نوێنەری ئەو گەلە بێن، ئەو زمان و هزرەی نەتەوەی داگیرکەر و گەلکوژ بەرز سەیر بکەن، کەم یا زۆر ئەو گەلە لە تەنگژەی ناسنامە و کەسایەتی دایە.